# گرفتی مەوادی خواردن لەجیهان و ئێران



بەپێی ڕاپۆرتی ئۆرگانەکانی نێودەوڵەتی پێوەندیدار، گرانی و کێشەی دابین کردنی مەوادی سەرەتایی خواردن پەرەی گرتووە. سەرۆکی بانکی جیهانی ڕۆژی ١٣ی ئاوریل وریایی دا کە دووبەرانبەر بوونی نرخی خواردەمەنی لەسێ ساڵی ڕابردوودا، دەتوانێ بەلانی کەم ١٠٠ میلیۆن نەفەری دیکە لەوەڵاتانی کەم داهات بباتە ژێر هێڵی هەژاری و برسیەتی. بەپێی ڕاپۆرتی سازمانی خواردنی جیهانی(فائو) چوونەسەری نرخی خواردن گیانی زۆرێك لە مرۆڤەکانی لە ٣٧وەڵاتی هەژار خستۆتە مەترسی. کۆنفرانسی تیجارەت و پەرەی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ناسراو بە(ئانکتاد) کۆبونەوەی مانگی ئاوریلی خۆی بەلێکۆڵینەوە لەگران بوونی نرخی خواردن و کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگای جیهان بەتایبەت لەوەڵاتانی جیهانی سێهەم تایبەت دا. بانك کی مۆن سکرتێری سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مەراسیمی دەستپێکی کاری ئەو کۆبونەوە، قەیرانی خواردنی لە جیهان بەگرینگ پێناسە کرد و گوتی: ئەو قەیرانە ئەگەر درێژەی هەبێ بە پەرەگرتنی ئابوری و ئەمنیەتی جیهانی زیان دەگەیێنێ. سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارودۆخێکدا لە قەیرانی جیددی دابین بوونی مەوادی خواردن هەواڵ ئەدا کە لەچوارچێوەی(گەلاڵەی جیهانی خواردن) یارمەتی گەیاندنی بە میلیۆنان برسی لە وەڵاتانی ئەفریقا، ئەمریکا، باشورو ئاسیا لەئەستۆیەو لەچوارچێوەی(ئامانجەکانی هەزارەی سێهەم) لە وەڵاتانی ئەندام یەك لەوان ئێران و واژوو وەگێردراوەکە تا ساڵی ٢٠١٥ی میلادی ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەژێر هێڵی هەژارییەوەن بگەێننە نیوە. بەپێوانەی ئێستای سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان هەر خانەوادەیێك دوو دولار داهاتی ڕۆژانەیان بێ، لەژێر هێڵی هەژاریدان. سەرۆکی(بەرنامەی جیهانی خواردن) لەبارەی کەمبونەوەی زەخیرەی مەوادی خواردن ڕایگەیاندووە کە لەماوەی سی ساڵی ڕابردودا ئەمە یەکەم جارە کە مەوادی خواردن بەو ڕادەیە کەم دەبێ کە تەنیا بۆ ٥٣ڕۆژ بەش دەکات. ئەنبارکردنی مەوادی خواردنی بەرنامەی جیهانی خواردن لەساڵی ٢٠٠٧ دا بۆ ١٦٩ ڕۆژ بوو. هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی گرانی و کەمبوونی مەوادی خواردن لە بازاڕەکانی جیهان، زۆربوونی پێداویستی لە وەڵاتانی وەك چین و هیندوستانەو هەروەها گران بوونی مەوادی سوتەمەنی و ویشکە ساڵیش کاریگەری داناوە.

جێگای سەرنج دژ کردەوەیێکە، کە حکومەتەکان و ئۆرگانەکانی نێو دەوڵەتی سەبارەت بەو دیاردە زیانبارە نیشانی ئەدەن. دەوڵەتی چین لەحاڵێکدا کە دابین کردنی خۆراکی ١/٤ میلیارد خەڵکی ئەو وەڵاتە لە ئەستیە، دەستی کردوە بە کۆنترۆڵ کردنی نرخی مەوادی خواردن. بۆ هاندانی برنج کاران، بەلانی کەم نرخی برنجی زیاد کردووەو بۆ ئاسانکاری سەرفی کود، دانی کودی شیمیایی زیاد کردوە. لەحاڵێکدا کە نرخی برنج لەحاڵی چوونەسەر دایە، وەڵاتانی هەناردەی برنج ڕایانگەیاندووە کە ڕێگەو شوێنی نوێیان بۆ بەربەست کردنی هەناردەی برنج گرتۆتە بەر. ئەندونوزی هەناردەی برنجی ڕاگرتوە. هیند نرخی برنجی هەناردەی٤٠لەسەد زیاد کردوە. ویتنام کە لەدوای تایلەند گەورەترین هەناردەی برینجە، دەڵێ ڕادەی هەناردەی برنجی لەم ساڵدا ٢٢ لەسەد کەم کردۆتەوە. دەوڵەتی میسریش لەسەرەتای ئاوریلەوە هەناردەی برنجی بۆماوەی ٦ مانگ ڕاگرتووە ئیختیاری بەرهەمهێنانی نانی داوە بە ئەرتەش و خوازیاری چاودێری ئەرتەشە بەسەر ڕەوتی بەرهەمهێنانی نان. دەوڵەتی لیبی ڕوی کردۆتە چاندنی برنج و بەکرێ دانی زەوی بۆ برنج لەدەرەوەی سنورەکانی ئەو وەڵاتانە، تا بتوانێ نرخێکی کۆنترۆڵ کراوی هەبێ. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی پێوەندی دارەکان، قەیرانی دابین کردنی مەوادی خواردن، بوحرانێکە، (قەوارەیی) لەوبارەوە ئۆرگانە پێوەندی دارەکانی وەکو سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان، یونسکۆ، لەگەڵ ئاماژەیان لەبارەی ئەو قەیرانە، چاك کردنی و شۆڕشێکی جیهانی لەبەشی کەشاوەرزی نیوەی بەرهەمهێنانی بەڕێگەچارە زانیوەو بیریان هێناوەتەوە کە دەبێ گرینگی زیاد بدرێ بە بەشی کەشاوەرزی و هەموو وەڵاتێك بەرهەم هێنەربێ.

بارودۆخی ئێران؟

بەهاتنە سەرکاری ڕژێمی ئاخوندی و دروستکردنی ئۆرگانێك بەناوی( وەزارەتی جیهادی کەشاوەرزی و سپێردرانی بە سپا، تائێستا کەنیزێك بە ٣٠ ساڵە گرفت و کێشەی مەوادی خواردن لەئێران دا لەئارادایە. بڵاوکراوەکانی ناوخۆ ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی ١٣٨٧ لە کەمبوونی ٤٠ لەسەدی باران بارین سەبارەت بە ساڵی ١٣٨٦ هەواڵیان داو زیادیان کرد ئەو ڕوداوە بوون و نەبوونی زیاتر لە ٣٠ میلیۆن نەفەر لەبەشی کەشاوەرزی ئێران و پیشە و تیجارەتی پێوەند بەو بەشە دەخاتە مەترسی. مەحەممەدی ئەندامی کومیسیۆنی کەشاوەرزی مەجلیسی ڕژیم ڕایگەیاندوە بەپێی ڕاپۆرتە نێردراوەکان بۆ کومیسیۆنی کەشاوەرزی مەجلیس، ١٥ پارێزگاری ئێران لەساڵی ١٣٨٧ ـ ١٣٨٦ لەگەڵ ویشکە ساڵی بەرەوڕو دەبن کە لەنیوەی ئەوانەدا بارودۆخ نیوە بوحرانیەو لەهێندێکیان بوحرانیتز. نیزیك ١٢٠ شاری بچوك و ٦ هەزار گوند کێشەی ئاوی خواردنەوەیان دەبێت. ویشکە ساڵی لەپارێزگاکانی فارس، ئیسفەهان، خوراسانی باشور، خوزستان، کهکیلۆیەو بویر ئەحمەد، و ژمارەیێك پارێزگای دیکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی. لەم بارودۆخەدا گەنم کەدابین گەری سەرەکی خواردنە کەم بۆتەوە لەحاڵێکدا کە ساڵی ڕابردو وەزارەتخانەکانی جیهادی کەشاوەرزی و بازرگانی سەرقاڵی جێژنی خۆ بژێوی گەنم بوون. کومبوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆی گەنم گەیشتۆتە حاستێك کە دەوڵەت جارێکی دیکە ناچار بووە بەدووبەرانبەر نرخ بەپەلە ٢ میلیۆن تۆن گەنم وارید بکات. قەبارەی سیلۆکان هەر ئەوەندە دەگرێ و ڕێگە بەزیاتر نادات.

لەئێران دابین کردنی مەوادی خواردن، یەك لەوان گەنم، برنج، ڕۆن، چای کەوتۆتە بەر هەڕەشەی سێ لایەنە.

١ـ بەشی کەشاوەرزی ئێران سەرنجی نەداوە بە سەرمایە دانان لەباری میکانیزاسیۆن و چاندنی پێشکەوتوو. بەهۆی گەڕانەوەی سەرمایە سەبارەت بە بەشەکانی دیکە کە سەداسەد نیەو ناتوانرێ چاوەڕوانی لێ بکرێ کەرتی تایبەت لە قۆناغی ئێستادا ئەو هەنگاوە هەڵبگرێ. ئەو سەرمایە دانانە ئەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام بدرێ. بەڵام دەوڵەتی ویلایەتی فەقێ شانی لەژێر ئەو ئەرکە خاڵی کردوە. عیسا کەلانتەری وەزیری کەشاوەرزی بە پێشوونە لە دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمی ئێعتراف دەکا کە شیعاری خۆ بژێوی گەنم، لەسەرەتاوە قسەیێکی بێ لێك دانەوە بوو. ئێمە سەرمایە دانانی جیددیمان لەوبارەوە نەکرد کە بمانهەوێ خۆ بژێو بین. لەو دوو ساڵەدا کەخۆ بژێو بووین، یانی دوایین ساڵی دەوڵەتی هەشتەم و یەکەمین ساڵی دامەزرانی دەوڵەتی نۆهەم، جێگۆڕکەی بە کشت و کاڵ کرابوو. یانی بۆ گەیشتن بەخۆ بژێوی گەنم نیزیك نیو میلیۆن هێکتار زەوی ئاوی کران بە گەنم و لەباقی بەرهەمی دیکەدا تووشی کەمبوون بووین و ناچاربووین کە هێڕەڵماسی و دانەوێڵەی غەیرە سروشتی بەرهەم بهێنن و هیچ پاساوێکی ئابوری و کۆمەڵایەتیشی نەبوو. بۆ خۆ بژێوی ئەبێ سەرمایە دابندرێ کە تائێستا لە ئێران ئەوکارە نەکراوە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی باران بارینی باشەوە بەرهەمی دێم گەشەی کردو توانی بەڕادەی ٥٠ لەسەد سەبارەت بە ساڵەکانی ڕابردوو زیاد بکات. بەڵام ئیستا کە باران نەباریوە دەبێ شایەدی کەمبونەوەی ٧٠ لەسەدی گەنمی دێم بین و زەویە ئاویەکانیش دا ٢٠ لەسەد. ئەو بەو مانایەیە کە دوو میلیۆن تۆن گەنمی هاوردە وەڵامدەرەوەی کەمی گەنم نیە لەئیران و ئەبێ بەرەبەرە ئەو هاوردە زیاتر بکرێ. ئەمساڵ ئێران بەلانی کەمەوە ٦٥ تا ٧٠ لەسەدی ساڵی ڕابردوو بەرهەمی کشت و کاڵی دەبێ کە پێویستە ٥ ـ ٦ تۆن گەنم وارید بکرێ.بەپێی گوتەی کەلانتەری، وەزارەتی کەشاوەرزی، زانیارییێکی ڕاستی لەوبارەوە نەداوە، لەحاڵێکدا کە ویشکە ساڵی چاوەڕوان کرابوو، وە دەوڵەت دەبوو لە ٦ ـ ٧ مانگ لەمەوپێشەوە هەرئەوکاتەی کە ٤٠٠ هەزار تۆن گەنمی نارده دەرەوە، لەبیری دابین کردنی پێداویستی ساڵی داهاتووی وەڵات بوایە. یانی ئەو ٤٠٠ هەزار تۆنەی ئەنبار بکردایەو هەروەها ٥ میلیۆن تۆنی وارید بکردایە. ئەو کێشەو گرێ و گۆڵانە، هۆکەی نەدانی زانیاری دروستە و هەڵەی هێندێك وەزارەتخانەیە کە ئێستاش باوەڕیان وانیە کەبێ سەرمایە دانان شت ناکرێ. بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ویشکە ساڵی پێویستە سەرمایەیەکی زۆر دابندرێ.

٢ـ دووهەمین شت کەبۆتە هۆی گران بوونی خواردن لەئێران و گیانی خەڵکی خستۆتە مەترسی، سەپاندنی ئابلۆقەیە بەسەر ڕژیمدا. ئەو ئابلۆقانی خستۆتە گۆشەوەو گرێ و گۆڵی گەورەی لە موعامەلەو کاری فەننی و بازرگانی و ماڵی و لەنێوان ئێران و دەرەوەییەکان دروست کردوە بەشێوەییك کە تەواو کاریگەری لەسەر گران بوونی مەوادی خواردن داناوە.

٣ـ گرانی مەوادی خواردن لە بازارە نێودەوڵەتیەکان دا، بابەتی دووقاتەکە بە کێشەی هاوردەو بەرهەمی ناوخۆی ئەو مەوادە لە ئێران زیاد دەبێ. ئەوکێشانە بارودۆخی زۆربەی خانەوادەکانی شێواندوە. ئەو خانەوادانە بەر لە گران بوونی مەوادی خواردن زۆر شتیان وەك گۆشت و میوە کەم کردبۆوە بەشێوەییك کە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی سەرژمێری ئێران لە ساڵەکانی ١٣٦٢ تا ١٣٨٣ بەهۆی گۆڕانی بەزۆری و لەڕوی ناچاری، خواردنی گۆشت و میوە بەڕیز ٥٠ و ٥٥ لەسەد لەخواربوو. بەڵێ زۆربەی خەڵکی ئێران لەگەڵ برسیەتی و کەم خواردنی بەرەوڕوو بوونەتەوە.

***

# ئابلۆقە سەپێنراوەکان کاریگەری لەسەر ئابوری ئێران داناوە



ڕۆژنامەی لوموند ڕۆژی چواری بانەمەڕ نووسی: بەپێی لێکۆڵینەوەیێك کە دەوڵەتی فەرانسە ئەنجامی داوە، سەپاندنی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان بەسەر ڕژیمی ئێران، کاریگەری خۆی داناوە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئابوری ئێران لەساڵی ٢٠٠٧ بەپێچەوانەی بەراوردەکان ٦ لەسەد نەبووە و لەنێوان یەك تا یەك و نیو لەسەد دابەزیوە. لوموند دەنوسێ: ئەو کاریگەریە، پیشەسازی نەوت و گازی ئێران دەگرێتەوە لەبەر ئەوە ئەو پیشەیە لە دە ساڵی داهاتودا پێویستی بە سەد میلیارد دولار سەرمایەی دەرەوەیی هەیە. ئەو پێداویستیە لەوە دەچێ ببێتە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی ٢٠٢٢ تا ٢٠٣٥ ڕژیمی ئێران ناچار بێ نەوت بکڕێ. لێکۆڵینەوەی ناوبراو دەری دەخا کە فشارە داراییەکانی ئەمریکا لەدژی ڕژیمی ئێران، بانکە عەرەبیەکانی لە موعامەلە لەگەڵ ڕژیم سارد کردۆتەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی لوموند دا هاتووە: ئابوری ئێران لەچاو ئابوری وەڵاتانی ناوچەکە ئابورییێکی لاوازە، بەڵام ڕژیمی ئێران لەسەر قسەی خۆی پێداگرە کە دەڵێ: مل بۆ فشارە نێو دەوڵەتیەکان داناخات. هەروەها دانێل گیلیسر، جێگری بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا ڕایگەیاند ئابلۆقەکان لەدژی ئێران بەمەبەستی ڕێگە گرتن لەدەست گەیشتنی بەچەکی ئەتۆمی و پشتیوانی نەکردنی لە تاقمە چەکدارە ترۆریستیەکانەو کاریگەریشی هەبوە. ناوبراو زیادی کرد زۆربەی بانکە نێودەوڵەتیەکان بەشێوەی دڵخوازانە موعامەلەی خۆیان لەگەڵ ڕژیم ڕاگرتووە. ئابلۆقەکان بەسەر چەرخەی ئابوری ڕژیم لەسەر بارودۆخی کەشتی ڕانیش کاریگەری داناوە و تووشی لاوازی کردوە. هەواڵدەری فەرانسە ڕاپۆرتی دا کە کۆمپانیای سەرەکی کەشتیەوانی ڕژیمی ئێران ڕایگەیاندوە کە ئابلۆقە سەپێندراوەکان کاریگەری لەسەر داناون. لەئاکامدا پیشەسازی کەشتیەوانی چ لەلایەنی ماڵی و نەزم و نیزامی ناوخۆیی و چ لەلایەنی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان، کەوتۆتە ژێر فشاری دوو بەرانبەر. لە ئێستادا ٥٠ لەسەدی شت و مەکێك کە بەکەشتی دێتە ئێرانەوە، خاوەنی پەرچەمی وەڵاتانی دەرەوەن و ئەوەش بۆتە هۆی گران بوونی شت و مەك لە بازاڕدا. هەواڵدەری فەرانسە زیادی کرد کە شیرکەتی (بوسکۆ) لقێك لە دامەزراوەی فەقیرو بێ پەنایان ـ ئۆرگانێکی بەهێزە کە لەژێر کۆنترۆڵی خامنەیی دایەو خاوەنی میلیاردها دولارە، ناچارە لەبارەی کەشتیەوانیەوە پەنا بەرێتە بەر لایەنی دەرەکی کە یا گاڵ دێنێ یا پەمۆ. سیستەمی بانکی ڕژیم زیانی گەورەی وێ کەوتووەو لەئێستادا زۆربەی بانکە ئوروپایی و ئاسیایەکان لەگەڵ ڕژیم معاملەیان پچڕاندوە. ئابلۆقەکان لەسەر کۆمپانیا خارجیە دەرهێنەرە نەوتیەکانیش کاریگەری داناوە. ڕۆژنامەی گاردیەن لەبارەی ڕازی نەبونی کۆمپانیا نەوتیەکان بە موعامەلە لەگەڵ ڕژیم، دەنوسێ: هۆی سەرەکی ئەو بابەتە نیگەرانی سەبارەت بە پاشهاتی ئابلۆقە نێودەوڵەتیەکان و دژ کردەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بەدانانی سەرمایەیە لەئێران. وەڵاتە یەکگرتووەکان هەرجۆرە موعامەلەیێکی شیرکەتە دەرەوەییەکانی لەگەڵ ڕژیم قەدەغە کردوە. ئەو کۆمپانیانەش ئامادەنین پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا بکەنە فیدای پێوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی. فشاری ئابلۆقە سەپێنراوەکان لەدژی ڕژیمی ئاخوندی بەشێوەییێکە کە دەسەڵاتدارانی ڕژیم و تەنانەت پاسدار ئەحمەدی نژاد کەبەر لەوەش هەولیان ئەدا گرینگی پێ نەدەن. ئێستا ددانی پێدا دەنێن و کەوتوونەتە پاڕانەوە. پاسدار ئەحمەدی نژاد ڕۆژی هەینی ٧ی بانەمەڕ لە قسەگەلێکدا لە هەمەدان بە پێچەوانەی ئیدیعای پێشووی، ددانی بەکاریگەری قوڵی ئابلۆقەی نێودەوڵەتی بەسەر ڕژیمی ئاخوندی داناو گوتی: لەوانەیە فشار بخەنە سەر میللەتانی وەکو ئێمە.

***